www.kurdistannet.org
8:05 2006-10-11بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

# پاراستنی گیان و سەلامەتی کرێکاران لەئەستۆی دەولەت و خاوەن کاردایە

لەشەوی5 / 2006. 10. 6 بەهۆی کەوتنی مەوادی ئاگرین بەسەر کارمەندی کیمیای و بەرپرسی وەجبەی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە لەبەشی فرن کارمەند (بەهمەن جەمیل سابیر) بەهۆی سەختی سوتاوەکەی گیانی لەدەست دا.

ئەمە بۆ یەکەم جار نیە کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەو هەموو کارگەو شوێنەکانی تری کار، کرێکارانی کوردستان بەهۆی نائەمنی شوێنی کارو بێ دەربەستی دەولەت و خاوەن کار گیانیان لەدەست دەدەن و یان بەسەختی بریندار دەبن.

ئێمە وێرای پرسەو سەرەخۆشی خۆمان لەکەسوکار و کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە.

حکومەتی هەرێم و خاوەن کار بەرپرس دەزانین لەم جۆرە کارەساتە کە روو بەرووی کرێکاران دەبێتەوە. هەروەها پاراستنی گیان کرێکاران و ئەمنیەتی شوێنی کاری کرێکاران لەئەستۆی دەولەت و خاوەن کارگەکانەدایەو دەبێت سەلامەتی گیانی کرێکاران بپارێزن.

کۆمیتەی بەرگری لە کرێکارانی عێراق
2006/10/9